کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-6-2007 18:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێکی زۆر کورت بۆ بەڕێز کاک باست ... رفعت/هەڵەبجەیی

سوید .

بەڕیزم کاك باست باوەڕ بکە کە ئەو بابەتە کورتەم نووسی لەسەر ئەو دوو فلیمە ئەم ڕەخنەیەی تۆم بە خەیاڵدا هاتوو چاوەڕێ ی وەڵامێکی وەها بووم. چوون دەبا ڕوون کردنەوەیەکم بدایە بۆ خوێنەر کە مەبەستم لە فلیمەکەی ژانی گەل ناوەرۆکەکەی وخاوەنەکەی نیە. بەڵکو مەبەستی من ئامانج لە درووست کردنی فلیمەکەیە نەك ناوەرۆکی فلیمەکە. چونکە من ژانی گەلم 2جار خوێندۆتەوە ئەزانم باسی چەوسانەوەو مە ینەتیەکانی گەلی کورد دەکات. بەڵام ئەوەی کە سەیرە بەلامەوە ئەم دوو حیزبەنکە هەموو شتێکیان پەنجا بە پەنجاو تەوقیت کراوە ئەگینا باوەر بکە ئەگەر مام جەلال مردبوایە لەجیاتی ژانی گەل ژیانی مام جەلالیان دەکردە فلیم نەوەك رۆمانەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، ئەگینا بۆ یەکێتی زۆر شانازی تر بوو لە جێگەی خۆیشیا بوو قازی محمدی بکردایە بە فلیم کە وەك کەبشی فیدا خۆی بەخت کرد لە پێناوی گەلەکەیدا نەوەك رۆمانەکەی ئیبراهیم ئەحمەد. هیودارم تۆش وخوێنەرانیش لە روون کردنەوەکەم تێ گەیشتبن لە گەڵ سوپاس وپێزانینم بۆ سەرنج ورەخنەکەی بەڕێزتان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.